# چەپ بە زمانی خۆماڵی

## ئایا مافی چارەی خۆ نوسین ناسیونالیزمە؟

ئەیوب ڕەحمانی 26ی بانەمەڕی 2707
rahmayub@yahoo.de



**ئایا مارکس ڕۆیزیۆنیستە؟!!**

کێشەکە لێرەدایە! چەپایەتی دەبێت لە کوێوە دەست پێباکت؟ لە بن بنەوە یا خۆ لە سەر سەرەوە؟! پرسیارێکی جوانە! من پێم وایە هەمو شتێک لە سەرەوە دەست پێدەکات، تۆ ناتوانیت دەست بکەیە ناو تەلیسێک گەنم و لە بن بنەکەیەوە کیلۆێک گەنم دەر بێنیت، بۆت ناکرێت، ئەگەریش لە دەست بردنە خوار تەلیسەکەوە سەر کەوتو بیت و کەوچکی گەنم کێشەکەت تا خواری تەلیسەکە بردبێت، ئەوا لە کاتی هەڵگرتن و هێنانە سەرەوەی کەوچکەکە بەو کیلۆ گەنمەوە کە لە بنەوە هەڵتگرتووە، تا کاتێک کە تۆ کەوچکەکە بە ناو ئەو هەمو گەنمەدا دێنیتە سەرەوە ئەوا کیلۆ گەنمەکەی خوارەوەی تیا نامێنێت و لە کۆتایی هاتنە سەرەوەی کەوچکەکەدا هەر کەوچکێکی پڕ لە گەنم لە سەرەوە هەڵدەگرێت!!

چەپایەتی لە وڵاتی ئێمە دەبێت لە سەرەوە دەست پێبکات، ئەڵبەت چەپی وڵاتانیتریش هەر لە سەرەوە دەستیان پێکردوە بەو جیاوازیە کە ئەوان قۆناغێکیان لە ئێمە زیاتر بڕیوە واتە قۆناغێک لە پێش ئێمەوەن و ئەویش قۆناغی سەربەستی نەتەوایەتیە. چەپی کورد لە گەڵ ئەوە دا کە دەبێت باوەڕی قوڵی بە بیری ئینتێرناسیونالیستی و مرۆڤایەتی هەبێت، بەڵام دەبێت بیر لە سەربەستی و **ناسنامەی خۆیشی** بکاتەوە، ئەگەر ئەمە نەکات ئەوا لە بنەوە دەستی پێکردوە و بە هیچ کوێێکی ناگەیێنێت و ڕێگەکە دوجار دەبڕێت، هەر وەک تا ئێستا بڕیوێتی!

باشە مەگەر ئێمە کێین؟ ئێرانین؟ عێراقین؟ تورکین؟ سورین؟ ئەرمەنین؟ ئورووپین؟ ئەمریکین؟ یا کوردین؟ دیارە کوردین، بۆ ئەوەی کە کوردی دەدوێین، کوردی بیر دەکەینەوە لە سەر عەرزێک لە دایک بوین کە هەتا بوە، هەر هی کورد بوە و داگیرمان نەکردوە، لە دایک بوی ژنە کوردێکین کە بۆی نیە بڵێ من کوردم! قسە کردن و وتن و باوەڕ بەم شتانە ناتوانێت بە قەد سەرە دەرزیێک لە بیری ئینتێرناسیونالی و مرۆڤدۆستی و سوسیالیست بونی کەسێک کەم بکاتەوە. هەمو چەپەکانیتریش و تەنانەت مارکس و ئێنگێڵس و لێنین و ترۆتسکی و مائۆ و چگواراش سڵیان لەوە نەکردوە کە بڵێن ئەوان کوێین و بە چ زمانێک دەدوێین و دایکیان چی بوە و لە کوێ لەدایک بون. بەڵی وتویانە کە مەرز دەستکردە و هەمو مرۆڤی جیهان یەک مافیان هەیە، کەس زۆرتر و باڵادەستتر لەویتر نیە، هێزی چینی کرێکار بۆ وەدیهاتنی سوسیالیزم لە یەکگرتویی هەمو

کرێکارانی جیهاندایە، (بەڵام پێش چەپەکان سەرمایەدارەکان خۆیان یەکخست و گڵۆبالیزمیان وەڕێ خست و چەپیان بە بەهانەی مارکس وا دەڵێت یا واناڵێت لە یەکتر بەردا و لە هەمو جیهان بە ڕکودیان کێشان) و هتد. ڕەخنەیێکیش کە من لە سەرجەم هەمو حیزبە چەپەکانی وڵاتانی داگیرکەری کوردستانم هەیە ئەوەیە کە خۆیان بە زمانی خۆیان دەنوسن، قسە دەکەن، ڕاوبۆچون دەردەبڕن، بەڵام کوردەکانی ناو خۆیان ئەگەر هاتو بە زمانی خۆیان دوان یا جلی کوردیان لەبەر کرد یا شلەی کوردیان خوارد یا هەڵپەرکێی کوردیان کرد، ئەمانە دەستبەجێ ناسیونالیستن و شکیان دەخرێتە سەر! کە ئەمە بیجگە لە پاراستنی تەواویەتی ئەرزی وڵاتی باڵادەست و بیر و بۆچونی نەتەوەی باڵا دەست و شوینیزم شتێکی تر ناوی لێ نانرێت. دیارە ئەم جۆرە چەپانە شک لە بیر و بڕوایاندا دەکرێت. بۆچونی بیری سەربەستی و سەربەخۆیی کوردیش (بەس کورد) لە دید و بۆچونی ئەسحابەکانی مارکسدا ناسیۆنالیزم و ڕۆیزیۆنیزمە و بڤەیە!

لە زمانی چەپ دا رۆیزیۆنیزم واتە چەپێک کە لە خەتی مارکس لای دابێت و بە جێگای ئەوەی کە ماشینەکەی( بخوێنەرەوە حیزبەکەی) بە سەر جادە قوڕاویەکەی مارکسدا لێبخورێت، دەچێت بە سەر جادە قیرەتاوکراوەکەی سەرمایەداریدا لێیدەخورێت! ئەم خوێندنەوە مارکس دەکات بە پێغەمبەر و بۆچونەکانی دەکات بە ئایەی موقەدەس، لە کاتێکدا وا نیە. بە پێی قسەی هێندێک لە ئەسحابەکانی مارکس هەر کەس بە سەر جادە قیرەتاوکراوەکەدا لێی خوڕی ئەوە مارکسیست نەماوە یا خۆ لە ئیمانە مارکسیستیەکەیدا تەزەلزول پەیدا بووە، هەر وەک چۆن ئەگەر موسوڵمانێک عارەقی خواردەوە یا قژە سەری دەرکەوت ئەوا لە ئیمانیدا تەزەلزول پەیدا بوە و ئیمانی کەم بۆتەوە.

دو نمونەی جیاواز لە یەک دەگێڕمەوە: ئاینی ئاسمانی و فەرزی ئیسلام لە مێژوێکی زۆر کۆنەوە سەر چاوەی گرتوە، و دژی بەربەریەتی عەرەب و کۆیلەداری سەری هەڵداوە و لە سەردەمی خۆیدا جۆرێک هومانیزم بوە و خزمەتی کردوە بە مرۆڤی سەردەمی خۆی، ئەگەر لەو بەشەی گەڕێن کە دواتر و ئەمرۆشی لە گەڵ بێت بە شمشێر و کوشتار گەورە بۆتەوە. لەو کاتەوە تاکو ئێستا ئیسلام 1400 ساڵی بەسەر چوە و ئەگەر 1400 ساڵ لەمەوبەر ڕێکخراوی مافی مرۆڤ ببویایە، ئێستا دەمانخوێندەوە کە مافی مرۆڤ لەو سەردەمەدا ئەگەر چی بە تەواوی نا، بەڵام پەیڕەوی کراوە، ئەمرۆکە دوای 1400 ساڵ و چونەسەرەوەی شعوری مرۆڤ دەزانین کە ئەو کەسانە یا خۆ حکومەتانە کە ئێستا پەیڕەوی یاساکانی ئەو کاتی ئیسلام دەکەن، بە تەواوی دواکەوتو و بیرتەسکن و 90 تا 95 دەرسەدی ئەو یاسایانە لە گەڵ شعوری ئەمرۆی مرۆڤ نایەنەوە.
ئەمە ڕێک بۆ مارکسیزمیش ڕەچاو بکە، بە تەواوی جیاوازن لە یەک. مارکسیزم دوای نزیک 150 ساڵ، ئێستاش هەر ئەمرۆیی و دژی بەربەریەتی نیزامی سەرمایەداری و دژی چەوسانەوەی ئینسان بە دەستی ئینسانە، ئەگەر چی 124 ساڵ بە سەر مردنی مارکسدا تێدەپەڕێت، بەڵام ڕێنوێنیەکانی تەنانەت بۆ دوژمنەکانیشی جێگای چاوپۆشی کردن نیە و کتێبەکانی و تێئۆریەکانی هەر ئێستا لە زانستگاکان و لە بەشە ئابوریەکان وەک سەرچاوەیێکی باوەڕ پێکراو ڕەچاو دەکرێن و کارڵ مارکس خۆی لە ساڵی 2000 دا واتە 117 سال دوای مردنی بە فەیلەسوف و ئابوریزانی هەزارە ناسرا.

**ئەسحابەکانی مارکس کێن؟**

**ئەسحابەکانی مارکس ئەوانەن کە بە گرتنە دەستی چەکی ڕۆیزیۆنیزم، خزمەت بە نیزامی سەرمایەداری جیهانی و نیزامە تۆتالیتێرە بورژوایەکانی داگیرکەر و دیکتاتۆر دەکەن بۆ هێشتنەوە و پارێزگاری لە نەزمی پێش نوێی جیهانی. چۆن؟**

**هەمومان دەزانین کە بە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و سەرهەڵدانی شەڕی نەوت و ڕەقابەتە ئیمپێریالیستی و کۆلۆنیالیستیەکانی هێزە سەرەکیەکانی سەر گۆڕەپانی سود و قازانج و بە دوا بیر کردنەوە لە نەزمێکی جیهانی دوای شەڕی یەکەم و توانەوەی ئیمپێراتۆری عوسمانیەکان و هاوکات دانی ئیمتیاز بەوان و دروستکردن و گەورەکردنەوەی وڵاتێکی نوێ بە ناوی عێراق، زلهێزە کۆلۆنیالیستەکان و ئیمپریالیستە نوێکان کۆبونەوە و لە بروواری 24.07.1923 لە شاری ژنێفی سویس وڵاتی ئێمە کوردستانیان لە ناو خۆیاندا و __بە بێ پرس و ڕای خەڵکی کورد،__ دابەش کرد. بە پێی ئەم مێژوە هەر حیزبێکی چەپ، لە هەر وڵاتێک و تەنانەت چەپی کوردیش بە هەر بیر و بۆچونێکەوە ئەگەر بێت و بە ناوی پارێزگاری لە "یەکگرتویی کرێکاران"، پارێزگاری لە ئێرانی یا عێراقی یا تورکی و سوری و ئەرمەنی بونی کوردان بکات بە بێ ئەوەی کە ئیزن بدرێت بەوەی کە کوردەکان خۆیان بڕیاری لە سەر بدەن یا نەیدەن، ڕێک بیەوێت یا نەیەوێت، پارێزگاری لەو نەزمە سەرمایەداریەی دوای شەڕی یەکەم دەکات و بەم شێوە لە خزمەت نیزامی سەرمایەداری و کۆلۆنیالیستی دایە و بنەمای فیکری خۆی و حیزبەکەی دەکەوێتە ژێر پرسیار. هەروەها بەمەش نابڕێتەوە و لە خزمەت حکومەتە تۆتالیتێرەکانی هەر پێنج وڵاتی داگیر کەری کوردستان دایە کە نزیک بە 9 دەیەیە خەڵکی مافخوراوی کوردیان لە چکۆلەترین و کەمترین مافی ئینسانی و سەرەکی خۆیان بێبەش کردوە و ئەم گەڵە چل و چەند میلیۆنیەیان بە هەمو شێوەیک تەحقیر و بێ بەش و بێ ماف کردوە کە گونجاندنی چەند و چۆنی ئەم کارەساتە دژە مرۆڤایەتیانە دژی ئاوەها گەلێکی گەورە و پڕ لە مێژو و پڕ لە سەروەری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەم نوسراوە کورتەدا مەحالە و دای دەنێم بۆ کەسانی شارەزاتر لەم بوارانەدا یا خۆ بۆ نوسراوەکانی ترم. دەبێت ئەوەش بڵێم کە ئەمڕۆ کورد گەورەترین گەلی ناسەربەخۆ و ناسەربەست و نایەکگرتو و بێ وڵاتە!**

**مارکس ئەگەر ئەمڕۆ زیندو بویایە بە پێچەوانەی بیر تەسکی ئەسحابەکانی، لە سەر ڕۆیشتن بە سەر جادە قیرەتاوەکەدا کێشەی نەدەبو بە شەرتێک کە تۆ هەوڵەکانت بۆ پێشخستنی بیری مرۆڤدۆستی و هومانیزم و یەکگرتوویی چینی کرێکار و نەهێشتنی چینەکان و لە سەرو ئەمانەشەوە __سەربەستی و سەربەخۆیی نەتەوەییدا__ بویایە. ئەو پێی وادەبو کە ماشینەکەی تو ئەگەر بە سەر ئەم جادە قیرەتاوکراوەدا بڕوات خێراتر دەڕوات و کەمتر توشی کێشە دەبێت و قوڕاویش نابێت و مادام تۆ بە ماشینەکەت خۆراکی سوسیالیزم و یەک گرتنی چینی کرێکار و هەروەها هەوای هەڵمژینی سەربەستی و بیری نەتەوایەتی گەلێکی خێر نەدیوی، چەوساوەی، بێ کەسی، ماف خوراوی، بێ داهاتی، بێ دەوڵەتی، دابەشکراوی، زمان ونبوی، کولتور ونبوی، مێژو ونبوی، سەرکوتکراوی، ماف زەوتکراوی کوردت پێیە، باشترە بە سەر جادە قیرەتاوەکەدا بڕۆیت با خێراتر و بێ کێشەتر بگەیە شوێنی خۆت، ئاخر کرێکارانی کورد، زەحمەتکێشان، جوتیاران، مامۆستایان، منداڵان، کاسبکاران، ژنان و بە کۆ گەڵی کورد پێویستیان بەو خۆراکە و بە هەوای سەربەستی هەیە بۆ ئەوەی کە لەوە زیاتر نەخنکێن و گەرویان وشکتر و ڕێگای هەناسە هەڵکێشانیان تەنگتر نەبێتەوە.**

با ئەوانیش بتوانن بێنە ڕیزی کۆمەڵانی بەرینی هاوپشتی چینی کرێکاری جیهانیەوە. هەتا گەڵێک خۆی سەربەست نەبێت و تامی سەربەستی و سەربەخۆیی نەچێشتبێت، ناتوانێت و نازانێت سەربەستی بۆ کەسی تر و لەوانە بۆ چینی کرێکاری تریش بێنێت. کاتێک مرۆڤێک نەخۆش بێت و لایکی بێشێت، تا کێشەی نەخۆشیەکەی خۆی چارەسەر نەکات، ناتوانێت کێشەی کەسانێکیتر کە لەو ساخترن بەڵام کێشەی چکۆلەیان هەیە چارەسەر بکات. جارێ کورد خۆی برینێکی هێندە قورسی لە جەستەدایە کە بە ئێش و ئازارەکانیەوە دەنالێنێت و زیرەی دەچێتە ئاسمان، لەگەڵ ئەوەشدا کەم چەپ هەن کە ئەم دەنگی هاوار و زیرەی کوردە ببیستن، چونکو پێیان وایە کە باسی سەربەستی نەتەوایەتی کردن بە مانای بیری ناسیونالیستیە و پێیان خەتەرناکە، ڕەنگە ئەوان ئێستا پێویستیان بە پێغەمبەرێکیتر وەک مارکس بێت کە تێیانگەێنێت ئەوان چ ڕێگایێکی خواریان هەڵبژاردوە و بە کردەوە لە خزمەت کۆلۆنیالیزم و سەرمایەداری و نەزمی دوایێ شەڕی یەکەمدان. ئەڵبەت ئەوان ئەمڕۆ گوێ بۆ مارکسیش ڕاناگرن، لەبەر ئەوەی کە ڕەنگە مارکس لە ڕێگای ئەوان لایدابێت و مارکس ڕۆیزیونیست بێت!!!!

### بیری "سەربەستی و سەربەخۆیی نەتەوایەتی" لە گەڵ "ناسیونالیزم" جیاوازن

کۆنوانسیونی مافی مرۆڤ، یەکێک لە دەسکەوتە هەرە گرنگەکانی بەشەری ئەمڕۆیە. کارم بەوە نەداوە کە دەستی زلهێزەکان و دەوڵەتەکانی تێدایە و لە ناو ڕێکخراوەکەیدا جار بە جاریش مانیپۆلاسیۆن و دەستکاری کردن و دەخاڵەت دەکرێت و جار و باریش بۆ مەبەستی سیاسی کەڵکی لێ وەردەگیرێت.
ئەم کۆنوانسیۆنە پێمان دەڵێت: هەر گەڵێک، هەر مرۆڤێک و هەر گیانلەبەرێک مافی ژیان، مافی سەربەستی، مافی سەربەخۆیی، مافی دیاریکردنی چارەنوسی خۆی هەیە. بە واتای وشە، دیاری کردنی چارەنوسی گەڵێک بە دەستی خۆی، یانی ئازادی و سەرفرازی ئەو گەڵە. گەڵێک کە ئەم مافەی لێ زەوت کراوە، گەڵێکە کە مافی خۆی لێسەندراوە، بێ ماف کراوە، چەوساوەتەوە، داگیر کراوە، ئیستێعمار کراوە و هتد بە پێی ئەم کۆنوانسیۆنە وەها گەڵێک بێ مافە و بە هیچ جۆرێک سەربەست نیە.
ناسیونالیزم بەو گەڵە چەوساوە ناڵێن کە بە تەمایە چارەنوسی خۆی بە دەستی خۆی دیاری بکات، بۆ شتەکان پێچەوانە کراونەوە و سەر لە خەڵک شێوێندراوە؟ ناسیونالیزم بە هیتلێر دەڵێن، بە عەبدوڵا گوڵ و ئەردۆغان دەڵێن، بە سەدام دەڵێن، بە مەحەمەد شای ئێران و ڕەزاشای باوکی دەڵێن، بەو بە ناو **چەپانە** دەڵێن کە پارێزگاری لە بیری باڵا دەستی خۆیان و حیزبەکەیان و گەلەکەی خۆیان لە بەرانبەر کوردێکدا یا نەتەوەێکی تردا دەکەن و هەزاران نمونەی تری لەم چەشنانە. کورد بۆ ناسیونالیزمە ئەگەر باسی مافی سەرەتایی خۆی بکات؟ بەڵێ کوردیش دەبێتە ناسیونالیست، کاتێک کە حکومەتێکی بە هێزی ببێت و هێرش بکاتە سەر وڵاتی فارس و تورک و عەرزیان داگیر بکات، یا بە تەما بێت وەک ئەمریکا ببێتە فەرمانڕەوای جیهان، بەڵام ئایا کورد ئەم کارانەی کردوە؟ ئایا ئەمانەی لە دەست دێت؟ هەستاوە لەو پەڕی جیهان مەسەلەن لە لایکی ئۆستڕالیا هێزی نیزامی دابەزێنێت و داگیری کات؟ دیارە ئەم شتانەشی هەر لە دەست نایە، بە کام دەوڵەتیەوە؟ بە کام ئابوریەوە؟ پەس کەواتە کورد ناتوانێت ناسیونالیست بێت کاتێک کە داوای

مافی چاره نوس بکات. لەم حاڵەتەدا کورد بەس دەتوانێت وڵات پارێز بێت.

ئەو چەپانەی کە دەڵێن نا وانیە چوار بەشن:

1. بە شێکیان لاوان و یا کەسانێکن کە بە چاولێکەری بونەتە چەپ یا چونەتە ناو حیزبێکی چەپەوە و لەم بارەوە خوێندنەوەیان یا کەمە یا هەر نیانە و ئەوەی حیزب بیلێت هەر ئەوەیە.
2. بەشی دوهەمیان ئەوانەن کە دەزانن وایە و بەڵام دیانی پیا نانێن بۆ ئەوەی کە خەتە سیاسیەکەی خۆیان یا حیزبەکەیان بەرنە پێشەوە، ئەم بەشە ڕێک لە مەلاێکی دوازدە عیلم یا قەشەێکی کەلیسا دەچن کە لە ناو خۆیاندا، بۆ خۆیان باوەڕیان بە نەبونی خوا پەیدا کردبێت و هەمو ئاینیان بەلاوە گاڵتە بێت، بەڵام دەچن قسە بۆ خەڵک دەکەن و ڕێنوێنیان دەکەن کە ئیمانیان قەوی بێت و لە جەهەندەم دەیانترسێن.
3. بەشی سێهەمیان ئەوانەن کە بە ڕاستی باوەڕیان بەم شتەیە و جار و بار خۆیان تێئۆری دادەنێن و بە قورسی پشتگیری لێ دەکەن و حازرن گیانیشیانی بۆ بخەنە مەترسی، کە ئەمڕۆکە نمونەیان کەمە!
4. بەشی چوارمیان ئەوانەن کە ناردراون، فێرکراون وابڵێن، داندراون وا بڵێن، ئەجیر کراون، هێزی گەورە لەوانە ئینگلیس، ئیسرائیل یاخۆ ئەمریکا پەروەردەی کردون و هتد.

**ئایا خودموختاری یا خۆ فیدراڵیزم چارەسەری کێشەی کوردن؟**

با لە پێشدا بزانین خودموختاری چیە و چۆن پەیدا بوە: خودموختاری لە زمانی یونانی کۆنەوە گیراوە و بە مانای وشە دەبێتە خۆ هەڵسوران، خۆ بەڕێوەبردن، سەربەخۆ کارکردن، خودگەردان و هتد و لە سیستەمی سیاسی دا چەندەها نمونەی خودموختاری هەیە، کە خودموختاری تەواو، نیوە، نیوە مەحدود و تەواو مەحدود و هتد ناوزەد کراون کە لەم نوسراوەدا بە تەما نیم بچمە سەر درێژەی و هەر بەمە ئیکتیفا دەکەم.

فیدراڵیزم چیە: لە ڕیشەی فێئۆدۆسی لاتینی گیراوە و بە مانای پەیمان شکاندنە. بە جۆرێک حکومەتی نا موتەمەرکیزی یەکگرتو دەکوترێت و یا عەهد و پەیمانێک لە بەینی دو یا چەند گەل بە نەتەوە، ئایین یا فەرهەنگی جۆراوجۆر کە بە ڕەزا و خواستی خۆیان لە یەک وڵاتدا دەمێننەوە و پێکەوە دەژین.

لە نەزەر تێئۆریەوە تا حدودێک لە ناو بیروبۆچونەکانی ئیمانۆئێل کانت لە سەدەی 17دا دیتراوە. لە کردەوەدا دەکرێت پەیمانی فیلادێلفیا لە یاسای بنەڕەتی ئەمریکا لە ساڵی 1789 باس بکەین. فدڕالیزم لە مانای سیاسی کۆمەڵایەتی نوێدا لە گەڵ خودموختاری جیاوازی هەیە و بە یەک مانا نایەنەوە.

پرسیاری ئەوەی کە ئایا کێشەی کورد بە فێدڕالیزم یا خۆ خودموختاری حەل دەکرێت بە بڕوای من نایە. ئەوەی کە فیدڕالیزم لە زۆر وڵاتی جیهان لەوانە ئەمریکا، سویس، بلژیک، ئاڵمان و کانادا

**ڕەچاو کراوە و سەرکەوتو بوە قسەی تیا نیە و بە کردەوە دیومانە، هەرچەند کە کێشەش هەبوە لە بەینیاندا، تەنانەت لە وڵاتی سویس دەبیسترێت کە کانتۆنی ئوری داوای جیابونەوە دەکات و ڕێگای پێنادرێت! یا کێبێک لە کانادا.**

**بۆ کورد بەڵام فیدڕالیزمم وەک چاری ناچاری و بێ دەسەڵاتی قەبوڵە و کاتێک کە هەمو حەول و تێکۆشانێک بۆ یەکگرتنەوەی هەمو پاڕچەکانی کورد بە ئەنجام نەگات، ئەوجار فێدڕالیزم بە ناچاری لە چوار چێوەی وڵاتانی وەک ئێڕان یا عێڕاق یا تورکیە قەدەمێک لەم وەزعەی ئێستا پێشترمان دەخات، بەڵام کێشەکانمان دوایی پێ نایەت. لە قەوارەی دوهەمدا من فێدڕالیزمم بۆ هەر پێنج پارچەی کوردستان و لە قەوارەی یەک وڵاتی فێدێڕالدا پێ شتێکی زۆر گونجاو و تایبەتیە. واتە ئەو پارچانەی کوردستان کە لە وڵاتانی جیاواز دەژین، لە یەک وڵاتدا بە ناوی کوردستان و هەمویان بە شێوەی فێدڕالی پێکەوە بژین.**

**ئەمە کێشەی بێ مافی، ناسەربەخۆیی و نا سەربەستی گەڵی چل و چەند میلیۆنی کورد چارەسەر دەکات. جا دوای پێوانی ئەم قۆناغەیە کە ڕۆشنبیر و چەپی کوردیش دەتوانێت بە کردەوە و مەنتق کرێکارانی کوردستان لە گەڵ کریکارانی جیهان یەک بخات و دوای چێشتنی تامی سەربەستی و سەربەخۆیی، داوای سەربەستی و سەربەخۆیی و سوسیالیزمیش بەرز بکاتەوە. دیارە ئەم داوایەی هەر ئێستاش  بەڕز کردۆتەوە، بەو جیاوازیەی کە ئێستا خۆی کۆیلەیە، ئێستا دەبێت بانگەوازی هێزەکانی تریش لە جیهاندا بکات بۆ یارمەتی پێشبردنی هەستی سەربەخۆیی کوردستان.**